ئەم نامەیە ئەو سەنگەر چۆل کردنە بە هێڵە دژانەت و پەیوایە هیچ پرۆژەیەک بە قوربانیدانی گەورە ناگاتە ئەنجام. هەرچەندە ناوبەناویش پاساوم بە دەهەنتەوە کە دوای کۆچکردنم، خەلیفەکانم رابەرایەتی بەشکی دیاری بزووتنەوەکانی میللەتەکەمیان کردووەو لەوەشدا پاڵنەریان پرینسیپەکانی رێبازی نەقشبەندی بووە. بەڵام پارادۆکسێکی سەیریش هەیە لە ژیانی سیاسی ئەم دوایانەی وەاتەکەمدا، منێک کە لەبەر ئەوەی خوێن نەژەت، بەهەزترین سەنگەرم چۆل کردووە کۆچی کۆسانێک خەیان چواندووە بە من کە هەرگیز سەیان لە خوێنشتنی نەیارەکانی خەیان نەکردتەوەو تەنانەت نێک هەر لە رووبووبوونەوەو شەوازی ئاشکرادا، بەڵکو لە پشتیشەوە نەیارانی خەیان پاکتاو کردووە..

کورت و کرمانج من دژانم تە مەبەستت خزمەتی ناو و پێگەی منە، بەڵام ئەوەی بە من گرنگ بووە میللەتەکەم بووە، من نەمتوانی ئەوەی کردبووم پرینسیپی نوێکردنەوەی رێبازی نەقشبەندی و ئەو نوێکردنەوەیەش کە بەناوی منەوەیە، لەسەر زەمینەی واقیع کاری جیدی بە بکەم و جێبەجێی بکەم، ئەستاش ئەوەی رەحی من ئاسودە دەکات، ئەوە نیە باسی ئەو کارانەم بکرێت کە هاوشەوەی کاری زێرینەی مەلا دیارەکانی کوردەو لە چوارچێوەی تەنیا خزمەتی ئیسلامناسی و تەسەوفدایە وەکو تەسەوفێکی رووت بە ئامانجی توانەوە لە رەحی باڵای خوداداو گەیشتن بە یەقین، بەڵکو ئەوەی بە من گرنگە کارکردنە لەسەر پرۆژە بە ئاکام نەگەیشتووەکەم، ئەویش بە دژایەتی رێبازەکانی تری تەسەوف و رابەرانی تری تەسەوف و دانانی رێبازو پرینسیپی نەقشبەندی بە دژایەتی ئەوانی تر نابێت، بەڵکو گەوهەری پرۆژە جێبەجێنەکراوەکەی من کەکردنەوەی دین و دنیایە لە پەناوی میللەتەکەمدا بە ئەو مەبەستەش دەبە هەموو پێکهاتەکانی میللەت، هەردوو رەگەز، هەموو چین و توێژەکان، هەموو رێبازەکانی تەسەوف و شوێنکەتووانیان، کەی گەل، تەنانەت بە شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکانی تریشەو تەنانەت بە عیلمانیەکانیشەوە... دەبە لە چوارچێوەی گوتاری رێبازی نەقشبەندی نوێدا کە گوتای لێبووردەیی و یەکتر قبوڵکردنیشە کەبکرێنەوەو یەکێتی و یەکبوونی میللەت پێکبهێنرێت، چونکە تەنیا لەو رەگایەوە پرۆژە جێبەجێنەکراوەکەی من جێبەجێ دەکرێت، کە کورد دەگەیەنێتە ئاستی میللەتان و رەحی گشتی کەمەگای کوردی بێند دەبێت و لە ئازادی و سەربەخۆیدا گوزارشت لە خۆی دەکات. تکایە جەنابی سەرمایەداری نیستیمان پەروەری پشکێتنخواز، ئاگەر دەتەوێت خزمەتی من بکەیت، سەرمایە بە توێژینەوەی جیدی لەم ئاراستەوە بخە کار، نەک تەنیا بە ناو و خەرخستنی هەندە کەس کە نانیان بە ناوی من پەیدا کردووەو خامۆش و

بۆ ئاگان لە پرۆژەکەی من.
ئیمزا: نوسکەرەوەی ڕەبازی نەقشبەندی، خالیدی مکایەلی شارەزووریی
١١ی ئازاری/ ٢٠٢٣

دواجار سعودیە وئێران لەژێر چەتری (چین) دا لە دارکەی هاتنە خوارەوە!.. عەبدوڵا ساڵح

لێکەوتنی دوێنێی (١٠-٣-٢٠٢٣) نێوان سعودیە و ئێران کە لە (پێجین) ی پایتەختی چینەوە ڕاگەیەنرا، باڵی کشا بەسەر هەموو هەواڵکان لە زوربەی کێناڵە ڕاگەیاندنکانی جیهانەوە ، ئاگرچی نزیک بەدوو ساڵ بوو گفتوگۆی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە (بەغدا) و لە (مەسقەتی) پایتەختی عومان بەردەوام بوو، بەڵام دوا جار چین بووە چەتری ئەو لێکەوتنە و بەغدا و مەسقەت پەراوێزخران وڕێنگە ئەوانیش، وەک ئەمە، لە کێناڵە ڕاگەیاندنکانەوە گوێبیستی بووبن!
ئەم لێکەوتنە کەمێنەک پرسیار بەدوای خۆیدا دێنێ، بەر لە هەموویان: بە لەم ساتەوەختەدا ڕاگەیەنرا و بە لە چین ؟ ئایا هەریەک لەم دوو وڵاتە چ سودێک لەم لێکەوتنە دەبێن ؟ ئەم لێکەوتنە چۆن دەشکێتەوە بەسەر بارو دۆخی ناوچەکە وتەنانەت جیهانیش ؟ دواتر کاریگەری لەسەر ئیسرائیل چیدەبێ؟
هەوڵدەدەم تیشکێک بخەمە سەر ئەم لێکەوتنە و لەوەوە وڵامی ئەم کەمێنە پرسیارە بخەمە ڕوو، جگای ئاماژەیە کە هەموو وڵامکانیش وابەستەن بەئاگاری سەرکەوتن و ئەنجامدانی ئەم لێکەوتنە چونکە ئەمە هەنگاوی یەکەم و سەرەتایە وهەردووک ئاگادارکە دەبێ پێشبینی بکرێن.
سەرەتا دەبێ بڵێم ئەوەی ئەمریکا، بەتایبەتی دوای هاتنە سەرکاری جۆ بایدن، لەخەرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووی لە داشکان بوو، کشانەوەی ئەمریکا وهاوپەیمانانی لە ئەفغانستان، ئامادەیی ئەمریکا بۆ دووبارە زیندوو کردنەوەی پەیماننامە ئەتۆمیکەی نێوان ئەمریکا و باقی " زلهێزەکان" لەگەڵ ئێران ، هێنانە دەرەوەی حوسێکانی یەمەن لە لیستی تیرۆری ئەمریکا، بەچونی ئەم ئیدارە نوێیە لەمە کوشتنی

(جەمال خاشقچی) لەلایەن سعودیەوە لە تورکیا کە محەممەد بنسەلمانی شازادەی سعودیەی تەدا تاوانبارکرا و ناوبراو لە ئەستادا بە کردەوە پاشای ئەو ووڵاتەیە ، دواتر شکۆی ڕوسیا دژی ئۆکرانیا وسەرگەرمی ئەمریکا بەم شێوەیە کە تا ئێستا، وەک ئەمریکا دەیەوێ، ناچێتە پێش، ئەمانەهەموو هۆ کاربوون بۆ دروستکردنی بۆشایەکی سیاسی لەناوچەی خەرهەساتی ناوەڕاستدا و " زلهێزە تازە پێگەیشتوەکەی جیهان" ، چین ، لەهەوڵدابە ئەم بۆشایەیە پڕ بکاتەوە وبەردەکی قورس بخاتە سەر ئەو دیوارەی دەیەوێ هەڕەچنە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەمریکا وەک تاکە " زلهێزی" جیهان و هاتنە مەیدانی خۆی.
سعودیە ئەمڕۆ کەوتۆتە نێو زەلکاوەکی قوڵی شکۆی یەمەن و دەرباز بوون لەم زەلکاوە بەلایەوە زەر گرنگە تا دەستبەتاڵبە بە گۆڕانی ڕۆڵی سەرەکی، سیاسی ئابوری، لەناوچەکە و بەبدا بە هەر یەکە لە ئیمارات و قەتەر، ئەگەرچی هەرسێکیشیان لە مەجلیسی یارمەتی کەندا و (مجلس التعاون الخليجي) ئەندامن، بەڵام کابرایەتیکەیان ناشاردرێتەوە، بۆیە دەیەوێ ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە بارودۆخی سیاسی-ئابوری دوای شکۆی ڕوسیا – ئۆکرانیا دەیهێنێتە ئاراوە و لەئێستاوە خۆی بۆ ئامادە بکا وەک هێزێکی خاوەن نفوزی ناوچەکە ڕۆڵ بگێڕێ ، جیا لەوەش لەئەگەری هەر بڕیککەوتنێکی سەربازی نێوان ئیسرائیل و ئێران ، بۆ پیادەکردنی ڕۆڵی بەلایەن، بتوانێ سەری سەلامەت دەرکا، ئەمە جیا لە بارودۆخی لوبنان و سوریا و عێراق کە ئێران ڕۆڵی بەرچاویان تەدا دەگێڕێ و تا ئەمڕۆش ویستوێتی دەستی سعودیە لەم وڵاتانەدا بادا.
ئێران ئەمڕۆ لەژێر مەنگەنەی بارودۆخێکی مەترسیدار دایە لەناوخۆی وڵاتەکەی، بەتایبەت دوای ئەو ئاپۆرینە سەرتاسەریەی جەماوەر لە دژی لەچکی ئیسلامی و فەراگیری ئەوئاپۆرینە بە ئاستێک کە دروشمی ڕوخانی جمهوری ئیسلامی تەدا بەرز کرایەوە، ئەگەرچی ئاپۆرینەکە بەجۆرێک لە جۆرەکان، پاشکشەی بەسەردا سەپێنرا لەئێنجامی بەکار هێنانی دەندانەی تووندوو تیژی ، بەڵام توانی یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی سەقامگیری ئەو وڵاتە بلەرزێنێ و کاریگەری زۆری هەبێ لەسەر ئایندەی مان و نەمانی ئەو ڕژێمە .
فشارو گەمارۆ ئابوری – سیاسیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانیش بە سەر ئێران توانیویەتی کاریگەری تووندی هەبێ لە سەر ئابوری ئەو وڵاتەو تەنانەت ئێرانی هاوپەیمانیشی ، هەر بۆیە ئەم ڕێکەوتنە فڕایەک دروستدەکا تاکوئێران بتوانی نەفەسێک هەڵمژێ، ئەوشمان بیر نەچێ یەکێک لەپایەسەرەکیەکانی مانەوە وبەردەوامی ڕژێمی جمهوریی ئیسلامی ئێران ستراتیژیکەیەتی لە وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەت لە عێراق ،

سوریا ، لوبنان و یەمەن و بەهیچ جۆرێک ئامادە نیە دەستبەرداریان بێ، بەتام دەکرێ، بگوترێ ئەم هەکەوتنە، ئەم ستراتیژیەی بێ ئاقارەکدا نەبا کە سعودیە بخاتە پراوێزەوە و بڕژەوەندیەکانی بخاتە مەترسیەوە.

بەشک ئەم هەکەوتنە کاریگەری تەواوی دەبێ لەسەر بارودۆخی ناوچەکە بەتایبەتی و جیهانیش بگشتی، ئەمش بگوترێ ئەوەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەیەکی گرنگی وزەی جیهانە و ئێران وسعودیش دوو بەرهەمهێنەری سەرەکی نەوتن لەم جیهانەدا، هەربۆیە ، لەسەر بنەمای ئەم هەکەوتنە ،گشت هاوکێشە سیاسی و ئابوریەکانی ناوچەکە چاویان پێدا دەخشێنرێتەوە وبە گوترێ ئەم هەکەوتنە دادەڕژێنەوە، ئەمە لایەک، لایەکی ترەوە ئیمارات وبەحرەین ومەغریب، بە بەرپاکردنی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل، سەنگەری خۆیان دەستنیشانکرد ئەمە جیا لە ئوردن و میسر کە پێشتر پەیوەندی دیبلۆماسیان لەگەڵیدا هەبوو، ئەگەرچی فشارەکی زۆریش بە سعودیە هەنرا بچێتە ئەو بڕیارەوە بەتام سەرکەوتوو نەبوو، دواجار ئەم هەکەوتنەی لەگەڵ ئێران مۆر کرد، ئەستا دەکرێ بەتین زۆرەمەندی گەورە لەم رەکەوتنە ئیسرائیلە کە چاوەڕێبوو ئێران زیاتر لەووی دیپلۆماسیەوە پراوێز بخرێ و لەئەگەری پەکدادانی سەربازی نەوانیان، بەڵکو بەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوەوە و دەرەوەی ئێران، بتوانی ئەم دوژمنەی کە هێشەی مان و نەمانی لێدەکا ، لەناوبەرێ! بەتام بەم هەکەوتنە ئەم هیوایە کاڵتر بووە .

دوا زۆرەمەندیش ئەمریکایە، هەرچەندە سەرزارەکی پشتگیری لەهەکەوتنەکە کرد کە دەبێتە مایەی سەقامگری لە ناوچەکە، بەتام نیگەرانی گەورەو مەترسیداری لەوەدایە کە لەژێر باڵی چین دا ئەنجامدراوە.

٢٠٢٣-٣-١١

هاوسەنگی هێزی پارتی و یەکێتی و یەکریزی کورد!.. عوسمان حاجی

مارف

بەدوای زیاتر لە سی ساڵ لە دەسەڵاتی میلیشیایی حزبەکانی کوردایەتی لە هەردوو زانی زەردو زانی سۆزدا، پێیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی بەجۆرێک لە ئاستەکی وەها نزم و بنبەستدا خۆی نیشان ئەدات، کە ئاکامەکانی لە ناو جەنجاڵی هەڵومەرجی سیاسی ئێستای کوردستادا، ئاگاری ئاوە هەیە لەبری شاری ناوخۆ، بەڵاو کارەساتی زیاتر لەسەر ناتەبایی ئەم پێیوەندییان بخولقێنن. چونکە ئاوە ئاشکرایە کە کێشەو ململانێ و بارگژیی بەردەوامی نێوان ئەم دوو هێزە، کاریگەری تەواو ناتەندروست ونەرێنی لەسەر جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و چارەنوسی نادیاری ئایندەی دانیشتوانی کوردستان داناوە.

ئاوەی لەناو هاوکێشە سیاسیەکانی ئێستادا جێگای تێبینیە، لە ململانێی نێوان ئەم دوو هێزدا، گەلانێکی گەورە دەبینین لە نزمبونەوەی ئاستی تەرازوی هێزو پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەرامبەر پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا! دابەزینی ئاستی پێگەی بنەماڵەی تاڵەبانیە لە بەرامبەر بنەماڵەی بارزانیدا! هەڵبەتە هەکاری ئەم گەلانکاریە شاراوەنیە، کە بەچی لەچوارچێوەی ئەم هاوکێشەیدا پێگەیەکی باڵاتر بۆتە دەستکەوتی پارتی و توانای بەدەستهێنانی داهاتی زیاترو هەژمانێی زیاتر لە پێکهێنانی حکومەتدا. لەهەمانکاتدا ئامادەییەکی زیاتر لە ڕێکخستن و تووندوتۆکردنی هێزکەیدا.

بەرزانیەکان لە هەوڵیاندا بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و سەپاندنی دەسەڵاتیان لە کوردستاندا، بەجیا لە هەر گەمەیەکی سیاسی لە دانوسان و گفتوگۆو ڕێکەوتن و پیلانگێڕیان، بەسەر بنەماڵەی تاڵەبانیدا بەگشتی سەرکەوتوبون و پاشکەشیان بە پلان و نەخشەکانی یەکێتی کردوە. لەوەش گرنگتر بەرزی ئاستی پێگەیانە لە دارایی و ئابووری و کۆمەکی بەشوماری سەرمایەدا. پارتی هەمیشە وەک ڕەوتەکی بۆ نەخشەترو ڕێکخراوتر دەرکەوتون. هەر بەم شێوەیەش لە پێیوەند بە سەوداومامەڵەو دەخالەتی ووڵاتانی ناوچەکەو جیهان لەکوردستاندا جێگەوڕێگایەکی تایبەتتریان بە پارتی داوە. هەروەها بە پێیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە وەک لایەنەکی لە پێشترو ئاسێیتر جێگای بایەخ بون و دەوریان گەلاوە. ئاوەی پێویستە لەڕەوتی ئەم سی ساڵەدا جێگای سەرنجمان بێت بە هەموو هەوڵەکانی جەلال تاڵەبانی و کەشمەکەشی لە بەرامبەر بارزانیەکاندا، ئاکامەکەی داکشانی بەرچاوی زۆر و زیاتری پێگەی یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانیە. ئاستاش زەبونی

و بارگرانی ئەم دۆخە بەسەر ناوچەی بافە تاڵەبانی و نیگەرانی سەرکردەکانی یەکێتیەوە لە جۆری گوتارو ڕەفتاریاندا دەبینرێت. مەترسی ئەوەیان هەیە پەگەو هەوڵەکانی پارتی بچوکتریان کاتەوە، کە لە واقعدا پارتیش بەباکانە لەهەوڵی بچوکردنەوەی یەکێتیدایە.
ئەم حاڵەتەی کەشمەکەشی پارتی و یەکێتی، تا ئەو ئاستەی ڕووکی بەرچاویان لە گەندەڵی و تاڵانی و کۆمەکەی بەشوماری سەرمایەدا دیوەو بەشێك بون لە دۆخی گۆڕاوو ناجێگیری سیاسی لە کوردستاندا، واقعیەتی پەگەی ئەوپەڕی لاوازی و بوونەیی بزوتنەوەی بەرجوا ناسیونالستی کوردە لە بەرامبەر بەرجوازی ووڵاتانی سەردەستدا. ئەمەش مەژووی سەرهەڵدان و پەکهاتەی بزوتنەوەی کوردایەتیە لە تەواوی دەورانەکانی هەڵسوڕانی سیاسیاندا. هەمیشە وەک برا بچوک یان نۆکەر بە بەشداریان لە دەسەڵاتداو دەستکەوت و بەرژەوەندی هێزەکانیان، ئامادەی ئەوپەڕی ملکەچی و پاشکۆبونی نەخشەو سیاسەتی لایەن و وڵاتانی تر بون. ئەم واقعیەتەیە کە هەرگیز ڕێگای نەداوەو ڕێگا نادات بەرجوازی کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی، یەکێیزو یەکگرتوبن. هیچ کات نەیانتوانیوەو ناتوانن ئارامی سیاسی ڕاگرن، ئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان هەرچیەک بێت، کام لایان لەسەرەوە بێت، بەڵام بارگرانی بون بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە. لەوەش نادروستروو نابەجێتر نیە کە ئومێدو چاوەڕوانی خەڵک لەسەر ئەو بنەمایە ڕاگیرێت، بەڵکو بە قودرەتی قادر بزوتنەوەی کوردایەتی بتوانێ ڕێگای یەکێیزی و یەکگرتویی بگرێتە بەرو ئاسودەیی بە کوردستان دابین بکرێت!.
ئێستا دەبینین بەهەر هاتوهاوارێک بۆ بانگەشەی یەکێیزی کورد، بەرزبونەوەی زیاتری ئاستی کێشەکانی پارتی و یەکێتی ئەو ڕاستیە ئاسانمان کە گۆڕینی هاوسەنگی هێز، بۆ قازانجی پارتی و بچوککردنەوەو پەراوێزخستنی زیاتری پەگەی یەکێتی بووە لە نەو هاوکێشە سیاسیەکاندا. ئەمەش دۆخەکەی ئاڵوزترو گرژتر کردوە. لە هەمانکاتدا بافە و یەکێتی لە دوێیانەکی داخراوی وەهادا گیریان کردووە، نە ڕێکەوتن لەگەڵ پارتی بۆ قازانجیانە نە دژایەتیکردنی پارتی. هەربۆیە لەو هاوکێشەیدا پوچی ماناو جێگای گوتاری یەکێیزی کورد وەک دروشمەکی ساختە و چەواشکارێک زیاتر خۆیمان نیشان ئەدات. ماناو جێگایەکی لە ئاسەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا نیەو نابێتەوە.
بافە دوای سی ساڵ زیاتر لەدەسەڵاتی میلیشیایی بەزەر سەپێنراویان بەسەر ژنانی سۆزدا، لایەک خەریکە گاڵتەجاری شەرمەزاری خۆی بە خەڵک ڕادەگەیەنێت، لە لایەکی تریشەوە داوا لە پارتی دەکات وەک یەکێتیەکەی ساڵانی پێشو هاوسەنگیەک لە ڕێکەوتن پێک بهێنن. بەڵام

تەواوی شپرزەیی و نیگەرانی بافڵ و سەرکردایەتی پەرشوبڵاوی یەکێتی نیشتمانی، لەو شوێنەدا گیریان کردووە کە گەمەی سیاسی ئەم جارەیان هەگبەیان پڕنادات لەگەڵ نوێنەرانی پارتی بە ئاسانی و بەسادەیی دانوسان بکەن. پارتیش مەرجەکانی رەکەوتن بەسەر یەکێتیدا زیاتر و ملهوڕانەتر. یەکێتی دەتوانێ وەک هەڕەکی میلیشیا تا دەخی کوردستان و عێراق لەم بارگرژی و ناسەقامگیرییەدا بێت، بوونی خۆی لە زەنی سەوزدا تا ئاستەک بپارێزێت. بەڵام ئەمجارە دوای ئەو هەموو هەنگاوە لە پاشەکشە، یەکێتی ئیتر ناتوانێ لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا یاری و کێشمەکێشی سەرکەتوانە لەبەرامبەر پارتیدا تاقی کاتەوە بە ئەنجامی بگەیەنێت. بەجیا لەوەش باری پەرش وبڵاوی هێزەکانی و نەبوونی ئابووریەکی یەکدەست و بەتوانا لە ناو یەکێتیدا، چاوەڕوانی پاشەکشەو قەیرانی زیاتریان لێدەکرێت. بەیەکگەر بە ملکەچی زیاترەوە خۆی ئادەستی پارتی بکات و هەکەوتنی بەهەر قیمەت پێشوازی بکات، چەندین هەنگاوی تر لە بەرامبەر پارتی و هێزە سیاسیەکانی تری کوردستان و عێراقدا دەچێتە دواوە. لە لایەکی تریشەوە پەگەی ئەستای یەکێتی لەو ئاستەدا نیە، تا سیاسەتی وەستانەوەو بەرەنگاری لەبەرانبەر پارتیدا بنوێنێت. ئەمەش ئەو دوریانەیە کە نە بە بافڵ و نە بەسەرکردایەتی یەکێتی و نە بە لاهور، ناتوانن هەگای چارەسەرو دەرچون لە بەرامبەر یاریەکانی پارتیدا پەیدا بکەن. رەگای پەنابردنیان بە لایەنی کۆنەپەرست و ئیسلامی سیاسی نەک لەم قەیرانە دەربازیان ناکات، بەڵکو ریسواتر و پەردەوازتر دەبن. لەهەمانکاتدا کۆتایهاتنی ئەو هەبازەیە کە چەندین دەیەیە جەلال تاڵەبانی گرتیبەرو تیا سەرکەوتو نەبوو. دواجاریش شانازی لەبن نەهاتنی "سەفین"کەشیان وەک شەڕە بەفرینە دەتوێتەوە.

پەویستە بەدوای زیاتر ریسوابونی بزوتنەوەی کوردایەتی و بە تێپەراندنی ئەم دەخە نالەبارە، ئامادەسازی وەستانەوە بە کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و ڕەتی بزوتنەوەی کوردایەتی برەخسێنین، گەر وانەکەین ئاشکرایە دەبێت چاوەروانی سەپاندنی بەڵاو نەهامەتی زیاتریان لەبکەین.

بیرۆرییەکانی فەیلەکی گومرا-(52).. شەماڵ بارەوانی

دەری بکەن لە حوجرە!

بەگومان بنەمای شارستانییەت و گەوهەری ژیان قبووڵکردنی جیاوازییەکان و هەڵسوکەوتکردن لە ئاویتەر و سیمای مرۆڤبوونیشمان باوەڕبوونە بە فرەیی(پلورالیەت).

هەر جڤات و کەمەکیش هەگری لە فرەیی بکات و دژی جیاوازییەکان بێت و ئازادییەکانی تاک لە قاڵبی بیروباوەڕ و تەگەیشتن و مەزهەب و ئیدەلۆژیایەکی دیاریکراو بدات و گەمارۆ بخاتە سەر حەز و خواست و هەڵبژاردنی مرۆڤەکان، جا بە هەرناو پاساوێک بێت، ئەو بەگومان کەمەڵ و جڤاتێکی بەگەن و داعشگەرا و دیکتاتەر و تاکەهەند و تەتالیتار و نەخۆش دەبێت.

بەگومان لەو بەشی بیرۆرییەکانی فەیلەکی گومرادا، من لەو سەنگەیەوە باس لەو تاکەهەندییە ناکەم کە گەورە فەیلەسووف و بیرمەندی ناوداری ئامانی(هەربرت مارکۆز) لە کتێبەکەیدا(مرۆڤی تاکەهەند) باسی لەوە دەکات. من وەکو ئەمیش سیستەمی کاپیتالیزم و سەرمایەداری بە بەرهەمهێنان و دروستبوونی ئەو جۆرە مرۆڤە تاکەهەندەی کە من لەباریەوە دەپەیقم تەمەت بارناکەم.

بەڵکو ئەو مرۆڤە تەتالتاریست و تاک هەهەندەی من لەباریەوە دەدوەم، ئیدەلۆژیایەکی تایبەت و مەزهەب و فیقهەکی کلاسیکی و کەمەک دەگمی کەنی بەر لەهەزار ساڵ بەرهەمی هەناوە و دروستی کردووە و دەکات.

ئەو تەتالیتاریەت و تاکەهەندییە پەتا و نەگریس و نەخشیە کوشندەیەی کە مرۆق توشی دەردی کوڕەوەری لە بینین و نەخشی هوانین دەکات!

مرۆڤی تەتالیتاریست و تاک هەهەند و تاك ئاستە، ئەو ئەوکەسیە، لەیەک ئاستە و هەهەندەوە لە شتەکان دەوانێت و ناتوانێت لە دیدنیگایەکی پلورالیستانە و مرۆڤدۆستانە و فرە ئاستە و فرە هەهەندانەوە، هەسەنگاندن و خوەندنەوە بە دیاردەکان بکات و لەژیان و دەوروبەر و مرۆڤەکان و ئەویتری جیاواز بوانێت.

لەوانینی مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەنددا هەموو شتێک بەسەر دوو بەردا دابەش کراوە، بەوادار و بێ بەوا، ڕەش و سپی، پاک و پیس، بەهەشتی و دۆزەخی، حەقیقەتی تەهاو پوچی تەها، یەقینی سەرووگومان و ڕاستی تەها، هەڵەی پەتی و ناڕاستی تەها !

مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەند، مرۆڤێکی ڕاسیزم و دۆمارگیرە و جگە لە خۆی، هەموو ئەوانەی تر بە هەڵە دادەنێت و لە ڕوانگەیەکی نا ئەخلاقی و نزم و نا مرۆڤانەوە لەوانی تر دەڕوانێت.

مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەند، باوەڕی بە ئایین و ئایدیۆلۆژیا و مەژوو و حیزب و مەزهەبێک، بە تێگەیشتن و میتۆلۆژیا و گەلانەوە و خوێندنەوەیەک و دیوێکی حەکایەت و چیرۆک و حەقیقەت و دیاردە و شتەکان هەیە.

مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەند، مرۆڤێکی سەتحی و ڕووکەشگرایە و بە قووڵی ناچێتە ناو کرۆکی بابەتەکان و لە کرۆک و فەلسەفەی شتەکان قاڵ نابێتەوە.

مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەند، ناتوانێت بەرگەی بینینی جیاوازییەکان بگرێت، ئەو مرۆڤێکە بە فرەیی دۆماری تاکەکەهەندی دەگیرێت و بە بینینی جیاوازییەکان زەر قەڵس دەبێت.

مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەند، لە ڕوانینێکی تاریک و پەنجەرەیەکی زەر بچووک و گۆشەنیگایەکی گۆلێک تەسک و داخراوی تاکەکەهەندەوە، لە مرۆڤ و ژیان و دەوروبەر و گەردوون و دیاردەکان دەڕوانێت.

یەکێک لە خەسڵەتی مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەند ئەوەیە، کە دەست لە ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان وەردەدات.

مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەند، مرۆڤێکە لەگەڵ وەهم و خەشاوەڵەی و خەیاڵدا دەژیت و مرۆڤێکی لووتبەرز و خەبەزلزان و خەبەحەقزان و خەسڵەتنە و هیچ کاتێک باوەڕی بە فرەکەهەندی و جیاوازییەکان نییە و دایمە هەوڵ دەدات ئا و بەچەوونی هەموو ئەوانیتر لە بەتەی تێگەیشتنی خۆیدا بتوێنێتەوە و سەراپای جیاوازییەکان بسڕێتەوە و هەموو شتێکی ئەوانیتر کۆنتڕۆڵ بکات و هەموو دەنگێکی تری جیاواز و دەنگێکی تری دژەوەی بازنەی دەنگەکەی خۆی بخنکێنێت و لەناو ببات.

مرۆڤی تۆتالیتاریست و تاکەکەهەند، دژیەوەت ئازادی ئەوانیتر و

هەموو خەڵکیتر لە قابیلی ئایدیالیزیاکەی خەی بدات و هەموان بە ستایلی ئەو ژیان بکەن و بە پەی دەکترین و ئاوانین و دەگمەکانی ئەو بجووڵێنەوە. ئە باشە بابای تەتالیتاریست و تاکەڕەهەند، بە دەبەت من بە چاوەکانی تە ببینم و بە ئەقڵی تە بیربکەمەوە و بە پەیەکانی تە قسە بکەم ؟!

منیش وەکو تە مرۆڤ نیم؟ مافی ژیانکردن و هەڵبژاردن و بیرکردنەوە و بڕیاردانم نییە؟ تە بە چ مافێک دەست لە ژیانی من وەردەدەیت و بڕیار لەسەر ژیانی من دەدەیت و خەت لە ئازادییەکانی من هەڵدەقورتێنیت؟! بەچی مافێک ناچاری گوتنی قسەیەک و ئەنجامدانی کارەکم دەکەیت کە بەوام پەی نییە و نامەوێ بیکەم و بیکەم؟!

بەچی مافێک دەمامکی دووڕوییم پە دەبەستیت و لەم ناگەڕیت، کە واو بە دەی خەم بژیم کە خەم دەمەوێت، نەک وەک ئەوەی تەی تەتالیتاریست و تاکەڕەهەند دەتەوێت و میزاج دەکەیت.

ئاخر بە ماچ مافێک ژیانی خەڵک دەکەن بە ژەهری مار و خەڵک ناچار دەکەن لە ترسی ئەوە و لەبەر شمشێر و دەزێخ و جنۆو و لەمەی ئەوە، لەووی ئەوەدا بەووەیەک بژیت و لە پشت ئەوەشدا بە ووەیەکی تر!

لە گەڵەن با خەڵک ئازاد بێت و بەو شێوەیە بژیت و ژیان بکات کە خەی دەیەوێت و بەوا و قەناعەتی پەیەتی، نەک وەکو ئەوەی بیروباوەڕەکەی تە و ئایدیالیزیاکەی تە و مەزهەب و میزاجە تاکەڕەهەندیەکەی تە دەیخوازێت. بەس خەڵکی بکەن بە دووڕوو و دەبە مەڵا، ئاخر ژیان و ئازادییەکانی هەر کەسەک و تایبەتمەندی و خولیاکانی هەر مرۆڤەک، پیرەز و هەڵسووڕ و کەس بەی نییە هەرگیز، بەواتە ناوێەوە و سنور بەزێنی بکات و بەڵێزی بنوێنێت و مرۆڤبوونی مرۆڤ و ئازادییەکانی پەشێل بکات.

ئەزیزم تە ئازادی بەیتە مزگەوت و منیش ئازادم بەمە کافتریا و ئەویتریش دەبێت ئازاد بێت بەواتە باە و یانەی شەوانە، یان نەوات بە هیچ یەکەک لەو شوێنانە. ئەوێە دیموکراسیەت و مرۆڤایەتی، ئەوێە فرەیی و یەکترقبوڵکردن و ڕێزگرتن لە پەکەوەژیان و چەمکی ئاشتی کەمەایەتی، کاکە خە بە زەر و سیستەمی داعشگەرێتی و حوکمی قەرەقوش و سەردەمی نیاندەرتاڵەکان نییە.

خەڵکەک نایەوێت بێتە پەرستگا و نوێژ بکات و حەزی بە کافتریا و یانە و باە و سەمایە، بێتە چی؟ تە چ حەقێکت هەیەو بچ مافێک خەڵکی ناچار دەکەیت دەستبەرداری حەزەکانیان بن و تەنها ئەوە بکەن

کە تە دەتوانێت و حەزی پێ دەکەیت و میزاجی دەکەیت. سەیر!

ئەزیزم دەزانی ئەو لوتکەی بە مەالی و بە ئەخلاقی و داعشبوونە ئەوەی تە دەیکەیت؟!

جا لە هەمووی سەیرتر و مەهزەلەتر و نوکتەتر و خەشتر، لەو ماوەیە لەیەکێک لە کەناڵە ئیسلامگەراکان بینیم، گەنجێگ خەی وەکو بانگخواز و شت دەناسێنێت و لاسایی حەسەن بەنای ئیخوانی دەکاتەوە و ڕەشتووە لە یەکێک لە کافتریاکان ئەو جۆەی ئەوەی لەو هەموو خەڵکەی تێکداوە و دەستی کردووە بە گوتار و وەعزی ئایدیالەژیانە و ئیسلامگەرایانە و گەنجەکانی ئەوەش هەمووی فیت و هەڵی جگەرەیەتی و خەریکی بە باکردنی دووکەڵ و نەرگیلەکێشانن و بە سیما و ڕوخساریانەوە دیارە و وەک ئەوەی بە زمانی ئاماژە بۆن کاکە بە خاتری خوا بە وازمان لە ناهێنیت، بەس نییە لە کەناڵ و مزگەوتەکانتان و لەهەموو شوێنێک شەو و ڕۆژ هەرش دەکەنە سەر ئازادی و حەز و مافەکانمان و هەموو جیاوازییەکان، لەڕەش لەمان ناگۆڕن؟! هەربەجدی گەر ئەمە تاقەتی ئەو بەزمەی تەمان هەبێت، ئەمە لەڕە چی دەکەین، مەگەر خەمان نازانین بەین بە کێ و کێبوونەوەی حیزبی و مزگەوتەکانتان و گوە لە وتار و وەعزی بانگخواز و مەلا ئیسلامییەکانتان بگرین، چی پێویست دەکات تەی تاکەهەند و تەتالیتار و پێپالیست بێیت و خەت لەڕە عەرزکەیت و خەتمان بەسەردا بسەپێنیت و فیکرە و تەوانینە تاکەهەندکەی خەت فەرزکەیت و کەشکەمان لە تەک بدەیت و ئازادی و مافمان پێشێ کەیت !

ئەزیزم، ئەڕە کافتریایە، نەک مزگەوت، بۆ تە ئازادی لە بارەگای حیزبەکەت و لەق و ڕەکخراوە ئیسلامییەکەت و مزگەوتەکەی خەت چی دەڵێیت بیێ، بەڵام تکایە هەر هەندە، لە ئەمەش بگۆڕن لە کافتریاکەی خەمان و لەجەوی خەمان با بەدەی خەمان بژین.

کاکە پیرەزتان بەت. خە خەریکە دار و بەردیش دەن بە مزگەوت و ئەمە هیچ ناڵێین، بەڵام بە دوو گەنج بەواتە باڵەک و گەنجێک بەتە یانەیەکی شەوانە و چوار گەنجی تر بەوات بە کافتریایەک و دوو کچ ببەتە کچە مەدیل، ئەوە قیامەت و حەشر هەڵدەستێنن و لەپاڵ نیشانەکانی ئاخیرزەمان ێیزمان دەکەن و بە بە ئەخلاق و سەرلەشێواو وەسفمان دەکەن و لەپێش چاوی کەڵە و مەگەڵدا بە دەندە و دەعبا ناشیرینمان دەکەن!

ئاخر ئەم قسە بۆ کۆکەیین و خۆمان لێگێڕ کە ماندوو و هیلاک دەکەین، لەکاتێکدا بابای تاکەهەند وا حاڵی کراوە، کە هەموو حەقیقەتێکان لای ئەم و هەر چی چاکە و بەهەشت و ڕاستییە، بەتەنها موڵکی ئەو و ئاوڵیتر هەمووی لادەر و سەرلێشێواو و ناڕاست و دزێخییە!

ئاخر من چۆن ئەو جۆرە عەقییەتە تێبگەینم! کاکە تۆ لە سەردەمی پلورالیەت و دیموکراسیەت و گلۆبالیزەیشن و مەدەرنێتەدا دژیت، نەک سەردەمی ئیشکەوت و پێش مێژوو و بەر لە هەزاران ساڵ. دواتر ئەڕە کوردستانێ، نەک ئەفغانستان و داعشستان، ئەڕە شوێنی جیاوازییەکان و پێکەوەژیان و فرەیی و یەکترقبووڵکردنێ و دەبێت ئەوێت قبووڵ بێت، لەبەرامبەر هەر پەرستگایەک، کتێبخانەیەک و یانەیەکی شەوانە و کافتریا و باڵەکیش هەبێت.

لەبەرامبەر هەر بڕوادار و ئایینداڕێک، ئەتایست و ئەگنۆستیک و لائیکەکیش هەبێت، لەبەرامبەر هەر موسڵمان و بابایەکی ئیسلامی سیاسی و سەلەفیگەرایەکیشدا، جوو، ئەزدی، مەسیحی، بەهایی، زەردەشتی و کاکەیی و بووددیەکیش هەبێت، لەبەرامبەر هەر مزگەوتێک، ئاتەشگایەک، کڵێسایەک، مەعبەد و لالشەکیش هەبێت.

وەات تەنها موڵکی ئایینێکی دیاریکراو و تاپۆی باوکی تاقە مەزهەبێک نییە و هیچ کەسەکیش ئەو مافەی نییە خۆی بکات بەدەماست و شمشێر و سەبڕی خوداوەند و نوێنەڕی حەقیقەت و بەناوی ژیانەکەی ئەملا و ئاسمانەوە، ژیانی سەر زەوی و خەشیەکانی ئەڕە، لە خەڵکی بکات بە جەهەندەم و زەقنەبووت و قوزڵقورت.

هیچ کەسێک بۆی نییە بەناوی هەمووانەوە قسە بکات و بەناوی پارێزگاری لە شوناس و ئەخلاقی گشتییەوە، ڕێگری لەئازادییەکانی تاک بکات.

ئینجا ئیخوانی و سەلەفییەکان دواین کەسن باس لە شوناسی کوردانە بکەن، ئەوان دیارە کە سەر بە چی ئایدیۆلۆژییەت و ئەجێندایەکی دەرەکی و نامۆن.

دواتر زەرینە ناکرێت خۆی بەسەر کەمینە و جیاوازییەکاندا بکات بە کۆگا و زەر تاکەهەندانە و فاشیستانە، دیدەنیگا و مەزهەب و ئایینی خۆی بسەپێنێت.

ئەزیزم، کاکە تاکەهەندگیان، ئیتر تێبگە کرەکی دیموکراسییەت و

جۆهەری مرۆڤبوون، قبووڵکردنی جیاوازییەکان و ڕێزگرتن و حیسابکردن و ڕەچاوکردنی خواست و حەز و ئازادی و خولیاکانی ئەوانی تر.

بەگومان ئیسلامییە سیاسییەکان هەڵگری فیکرێکی تۆتالیتاری و تاکەهەندین، مرۆڤی تاک ڕەهەند و تۆتالیتاریش هەرگیز، ناتوانێت پلورالیەتی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی قبوڵ بکات.

لەوانین و ئایدیۆلۆجییەتی تۆتالیتار و تاکەهەندا، هەمیشە هەوڵی خۆسەپاندن و خنکاندنی ئەویتر هەیە.

نازییەت هەڵگری فیکرێکی تاکەهەند و خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتار بوو، بەعسیش هەر وا بوو، ئێمیان لۆژیر ناوی ڕەگەزباڵایی ئەڵمان و ئەویتریان عرووبەت.

ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەتی دینیش لۆژیر ناوی ئایین، لەسەر ڕەچکەی نازییەت و بەعسیزم دەڕۆن.

ئینجا ئەو فەندەمێنتاڵیستانە، نەک هەر ئەوانەی سەربە ئایین و بیروباوەڕ و گرووپ و حیزب و ئیدیۆلۆژیا و مەزهەبەکەی خۆیان نییە بەڵکو دژەنوێ، تەنانەت لەناوخۆشیان هەزار و یەک گرووپ و فیرقەن و هەمووی ئەویتر تەکفیر و تەبدیع و ڕەفز دەکاتەوە.

بە نموونە: ئەمە لە حوجرە دەماینەوە، کۆمەڵێک فەقێ بووین، هەموومان بە حیسابی یەکگرتووبوون وەرگیرابووین.

حوجرەکە هی یەکگرتوو بوو و ئەوان سەرپەرشتیان دەکرد، هەر فەقێیەک یەکگرتوو نەبوایە، سەرەنجام کێشەی بە دروست دەکرا و بە سیناریۆیەک و شتێک، لە حوجرەکە دەردەکرا.

لە داهاتوودا و لەمیانی بەشیتری(بیرۆکراتیکانی فەقێیکی گومڕا)دا باسی ئەوە دەکەم و نموونەی ئەو فەقێیانە دەنمەوە، کە لەسەر ئەوەی ئینتیمایان بە کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی و مەلا کرێکار هەبوو، یان ئنتیمایان بە هیچ گرووپێکی ئیسلامی سیاسی نەبوو، دەرکران.

وەک ئاماژەم پێ دا، کە ئەمە کۆمەڵێک فەقێ بووین و لە حوجرەی یەکگرتووی ئیسلامی دەماینەوە.

(فاتە) هەبوو، کە بەر لە ماوەیەک کەچی دوایی کرد، خەڵکی

دەڤەرەکەی ئەمە و سنووری شارچکەی بەردەش بوو، ئەو دەهاتە حوجرەکە بە سەردانی فەقکان و بە تایبەتی فەقێی تری ناسیاویان و خەڵکی هەمان دێیەکەی ئەو لە ئاسەدا، فەقێ(فـ..) بەردەشی کە یەکگرتووبوو، وەلێ (فا..)ی هاوڵێی(فـ..) کەمڵێی ئیسلامی بوو.

(فا..)یشکی درێژی هەشتبووەوە و شەروانێکی تازەک کورتی لەبەردابوو، شەوێی زەر لە موجاهیدە شیشانییەکان دەچوو. زووزوو دەهاتە حوجرەکە.

مامۆستاکانمان کە هەموویان مەلاش بوون، هەمووپان یەکگرتووش بوون، کاتێک باوەیان زانی، بە ئەمەیان گوت: ئەو پیاوە بچی دەتە ئەرە؟ گوتمان هی دەڤەرەکەی ئەمەیە و فەقیرەی تەنها وەک سەردانیکردن دێت.

گوتیان ئەوە هەرگیز نابێت !

گوتمان بۆچی؟

گوتیان ئەوە کەمڵێی ئیسلامییە و فیکری تەواو نییە و مەشکی فەقکانمان تێک دەدات. بەیە گەر ئەوجارە هات بە ئەرە، دەبە دەری کەن لە حوجرە.

ئەوارانە ٢١.. سەردار جاف

ئەم ئەوارە
ژوانێک لە تێک مادەناکەی تسن بەرەوەیە
چاوکان زیت و هەستکان فەیوو
شنرۆ بایەکی بە فرە و تاوکیشی کرەوەیە
ترومبێلە سەرەکان
لە دیدارە نابەد و بە ئاگان
کەپرە پە لە لالەزار و رەنگاڵەیی
بە حەسرەتەوە رەی تەمەن دەکوتە
عەسرە چایکانی بن دارتوویکی وەرزی
بە بانەڕۆی کاوەژنە دەچە و

سەز و مەستیي
وا بە قەد ئاگرەکەی باجوانەوە و بە کۆمی سووری دەسوتە
بن دیواری باخچەی ماڵەکیان
پێن لە نامە بە جورئەتەکانم
لە سوچەکەوە لاتریسکە دەبەستن
لە سەرە ڕەی غوبارا
تەمتومانە نیگاکان تاڵخ و بولیەی دەنوێنن
پڕۆکان بە تاسەوە
هەڵدەن و چاو شەهلایەکی هەنگوینی دەدوێنن
تەژی هەستن
ئەم عەسرە لە غوربەت هاتمەوە و
ماندوەتیم گیردەی داوە
بووم میوانی ئەوارە
شەواریی دایگرتم و
ئیدی وە و کاسی مەملەکەتە
ناوی ژوان و گردان
ئەم هەناسە چ غەددارێک و بەوارە
شەو هەر ناگات
ڕەی دووری بێوە و مەنفایە مەنزە
تڕپەکانی پە چلوورەن
لە شەختەدا نوقم و نغرە
ئەم گوندە پە نابە لە گوە
کەچەرە لە دووری مەملەکەت
چاوی غوربەتی بە دیقەقە
نیگاکانم بوونە ئەس و بوونە نیشان
دەنگە لە بالایی عەبابەیلە
بەرەو خوار دە
بە هەست و گوەی چرپاند
شەهلایە جە و ڕە و ناونیشان
بووم دووان و زانیم هەسم
خەشم دەوەی خەشەویستەرین کەسم

٢٠٢٣ / ٣ / ١٠